# بەش: سینەما و شانۆ

# کۆلێژ: هونەرە جوانەکان

# زانکۆ: سەلاحەدین

# بابەت: دەرهێنانی شانۆیی – کۆرسی یەکەم

## پەرتووکی کۆرس – (قۆناغی 4- لقی شانۆ)

# ناوی مامۆستا: پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر

# ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | **دەرهێنانی شانۆیی** |
| **2. ناوی مامۆستای بەر پرس** | **پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر** |
| **3. بەش/ کۆلێژ** | **سینەما و شانۆ- هونەرە جوانەکان** |
| **4. پەیوەندی** | **ئیمێل:zhilwan.bapir@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن:07504423828** |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | **تیۆری: 2 کاتژمێر<br>پراکتیکی: 2 کاتژمێر** |
| **6. ژمارەی کارکردن** | **4 کاتژمێر کارکردن داواکراوە لە قوتابی لە هەفتەیێکدا** |
| **7. کۆدی کۆرس** | |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | **- بەکالۆریۆس لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا - لقی دەرهێنان ساڵی خوێندنی ١٩٩١-١٩٩٢<br>- ماستەر لە دەرهێنانی شانۆیی ساڵی 2010<br>- دکتۆرا لە تەکنیکی سینەما و شانۆ 2016** |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | دەرهێنان – ئەکتەر – سینۆگراف – تەکنیککار – دراماتورگی – تێکست |

**10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

دەرهێنانی شانۆیی بابەتێکی فیکری و فەلسەفی و هونەری و ئیستاتیکیە، شانۆ هەر لە سەردەمی گریکەکانەوە تا دەگاتە سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەی بووژانەوە و سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم و تا دەگاتە سەدەی بیستەم بە چەندین قۆناغ تێپەڕیووە. لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنیک و تەکنەلۆژیا بەتایبەتی لە سەدەی بیستەم چەندین قوتابخانە و ستایلی شانۆیی دەرکەوتن لەمیانی ئەم کۆرسەدا هەوڵ دەدەین خوێندنەوە بۆ سەرجەم ئەم لایەنانە بکەین کە لەلایەن گەورە دەرهێنەری جیهانیەوە ئەم ستایلە شانۆییانە سەریان هەڵداوە و بەهەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە تەنانەت لە ناوەندەکانی خوێندنی ئەکادیمی متمانەیان لەسەر دەکرێت.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

شارەزایی بوون لەسەر قوتابخانە و ڕێباز و ستایلە شانۆییەکانی شانۆی هاوچەرخ کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە. ئامانجی سەرەکی بریتیە لە شارەزایی پەیداکردن دەربارەی شێوازی کارکردنی دەرهێنەرە جیهانیەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەپێی ئەزموون و لێهاتوویی کاریان لەسەر شێوازە شانۆییەکان کردووە و بەپێی بیر و بۆچوون و فەلسەفەی بیرکردنەوەیان داهێنانیان خوڵقاندووە بۆ دەرهێنانی شانۆیی.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

پێویستە قوتابی ڕۆژانە سەیری نمایشی شانۆیی جیهانی و عەرەبی و کوردی بکات لە ڕێگەی ڤیدیۆ و بینەری ڕاستەوخۆی پرۆڤەکانەوە هەروەها خوێندنەوەی هەموو ئەو کتێبانەی دەربارەی دەرهێنانی شانۆیی بوونیان هەیە.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

ئەم وانەیە بەشێوەی تیۆری و پراکتیکیە. لە بەشی تیۆریدا قوتابی شارەزایی پەیدا دەکات لەسەر شێوازی کارکردنی دەرهێنەرە جیهانیەکان و داهێنانەکانیان دەربارەی تیۆری شانۆیی بەپێی جۆری ستایل و ئەو ڕێبازەی کاری لەسەر کردووە لەسەر بنەمایەکی فیکری و فەلسەفی و هونەری و ئیستاتیکی، بەڵام لە بەشی پراکتیکیدا پێویستە هەموو هەفتەیەک قوتابی پرۆڤە بکات لەسەر شێوازی جوولە و جەستە و بەکارخستنی سینۆگرافیا و تەکنیکی شانۆیی لەلایەن دەرهێنەرە

| |
|---|
| جیهانیەکان کە بەشێوازی جووڵە و ئەدا و دابەشکردنی پانتایی شانۆ بەشێوازی جۆراوجۆر کە پێی دەگووترێت میزانسێن و دابەشکردنی کوتلەکان لەسەر تەختەی شانۆ. |
| **14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**<br>دابەش کردنی نمرەکان لە کۆرسی دووەم (26) نمرە تیۆری و (14) نمرە پراکتیکی وە لە کۆتایی ساڵدا (40) نمرە تیۆری و (20) نمرە پراکتیکی. |
| **15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**<br>لە دەرئەنجامی ئەو وانەیە پێویستە قوتابی فێری ئەم خاڵانە بێت:<br>1. مامەڵەکردنی دەرهێنەر لەگەڵ دەق یان نووسەری شانۆیی.<br>2. مامەڵەکردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەری سەر تەختەی شانۆ.<br>3. مامەڵەکردنی دەرهێنەر لەگەڵ گروپی سینۆگرافیا.<br>4. مامەڵەکردنی دەرهێنەر لەگەڵ گروپی تەکنیکی شانۆیی. |
| 16. لیستی سەرچاوە<br>عەرەبی:<br>• القاسمي، سمير عبدالمنعم، (2012) ، "جماليات السينوغرافيا في العرض المسرحي الإيمائي"، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان.<br>• حمادة، ابراهيم، (1971) ، "معجم المصطلحات الدراسية والمسرحية"، دار الشعب، القاهرة.<br>• عطية، أحمد سلمان،(2011) ، "الاتجاهات الاخراجية الحديثة وعلاقتها بالمنظر المسرحيها"، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.<br>• كريج، ادوارد جوردن، (1967) ، "في الفن المسرحي"، ترجمة دريني خشبة، طبعة الثانية، مكتبة الأداب، القاهرة.<br>• أردش، سعد،(1979) ، "المخرج في مسرح المعاصر"، عالم الفرقة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والأداب، الكويت.<br>• ينتلي، اريك، (1975) ، " نظرية المسرح الحديث"، منشورات وزارة الاعلام، بغداد. |

| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| **بابەتەکانی تایبەت بە شانۆ:**<br>هەفتەی یەکەم/ ت/ئەرکەکانی دەرهێنەر<br>پ/ دابەشکردنی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ<br>هەفتەی دووەم/ ت/ پەیوەندی دەرهێنەر بە نووسەری شانۆیی<br>پ/ دەستنیشانکردنی پارچەکانی دیکۆر و کوتلە<br>هەفتەی سێیەم/ ت/ پەیوەندی دەرهێنەر بە ئەکتەر<br>پ/ میزانسێنی شانۆیی<br>هەفتەی چوارەم/ ت/ پەیوەندی دەرهێنەر بە دراماتورگی<br>پ/دیاریکردنی ریتمی دیمەنەکان<br>هەفتەی پێنجەم/ ت/ پەیوەندی دەرهێنەر بە سینۆگراف<br>پ/ بەکارخستنی سینۆگرافیا لە نمایشی شانۆیی دا<br>هەفتەی شەشەم/ ت/ گۆردن گرەیک و هونەری شانۆ<br>پ/ شێوازی پراکتیکی لای گۆردن گرەیک<br>هەفتەی حەوتەم/ ت/ شێوازی دەرهێنان لای مایر هۆلد<br>پ/ شێوازی پراکتیکی لای مایر هۆلد<br>هەفتەی هەشتەم/ ت/ تاقیکردنەوەی یەکەم (تیۆری)<br>پ/ تاقیگردنەوەی یەکەم (پراکتیکی)<br>هەفتەی نۆیەم/ ت/ شێوازی شانۆی ئاهەنگسازی | پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر |

| | |
|---|---|
| | پ/ شێوازی پراکتیکی لە شانۆی ئاهەنگسازی<br>هەفتەی دەیەم/ ت/ شێوازی شانۆ لای ئارتۆ<br>پ/ تەقسی شانۆیی پراکتیکی لای ئارتۆ<br>هەفتەی یازدەهەم/ ت/ بەرەو شانۆیەکی هەژار<br>پ/ مەشقی شانۆیی لای کرۆتۆفسکی<br>هەفتەی دوانزەهەم/ ت/ بیتەر بروک و پانتایی بۆش<br>پ/ پرۆڤەکردنی بیتەر برۆک لەگەڵ ئەکتەر<br>هەفتەی سیانزەهەم/ ت/ چەند زانیارییەک دەربارەی شانۆی شەقام<br>پ/ شێوازی پراکتیکی لە شانۆی شەقام<br>هەفتەی چواردەهەم/ ت/ تاقیکردنەوەی دووەم (تیۆری)<br>پ/ تاقیکردنەوەی دووەم (پراکتیکی)<br><br>**تێبینی:**<br>1. پێویستە قوتابی سەرجەم ئەم سەرچاوانە بخوێنێت کە تایبەتن بە شێوازەکانی دەرهێنانی شانۆیی.<br>2. پێویستە قوتابی لە ڕێگەی ڤیدیۆ یان سیدی یان بینینی ڕاستەوخۆ بەردەوام سەیری نمایشی شانۆیی بکات لەسەر ئاستی جیهانی و عەرەبی و کوردی. |

**19. تاقیکردنەوەکان**

1. کۆرسی یەکەم:

پ١/ باسی ئەرکەکانی دەرهێنەر بکە.

پ٢/ پەیوەندی دەرهێنەر چیە بە سینۆگرافیاوە؟

پ٣/ باسی شێوازی دەرهێنان بکە لای مایر هۆلد.

پ٤/لەسەر مامەڵە کردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا بدوێ.

**20. تێبینی تر**

ئەم بابەتە زۆر گرنگە بۆ قوتابیان، بۆ شێوازی تیۆری و پراکتیکی بە مەرجێک قوتابی جگە لە سەرچاوەکانی کە دەیخوێنێت لەکاتی محازەرەدا، لە دەرەوەشدا چەندین سەرچاوەی تر بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی شارەزاییەکی باش پەیدا بکات دەربارەی قوتابخانە و ستایلە شانۆییەکانی دەرهێنانی شانۆیی.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

لەکۆتایی هەر وەرزێک پێداچوونەوە بە وانەکانی پێشوو ئەنجام دەدەین وە پرسیار لە قوتابی دەکەین بۆ ئەوەی هەر بابەتێک لای ڕوون نیە جارێکی تر بۆی شی بکرێتەوە.